# حکومەتی کوردی و هونەری بە کۆیلە کردن..!

**نوری بێخاڵی**

**بەڕێز/سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران**

**"بهێڵە تەنیا یەك گەورەمان هەبێت، بهێڵە تەنیا یەك کەس پاشایەتی بکات"**

**-لابۆتی-**

ڕەنگە لەگەڵ خوێندنەوی ئەم ناونیشانەدا، خەڵکانێك کە بەسەرلەقاندن و ملکەچی ڕاهاتوون و نانی ئەشەهدو بیلا و بێدەنگی دەخۆن، بەر لە دەسەڵات مۆڕەیەکم لێ بکەن و بێ چەند و چوون بە بەکرێگیراو و سیخوڕی ڕژێمێکی داگیرکەری کوردستان، یان بە دوژمنی ئەو ئەزموونەم بزانن، لەو گۆشە نیگایەی گوایە باوکەکانی شۆڕش لە پێناو ئازادی تاکی کورد و شکاندنی کۆتی کۆیلەیی تێکۆشاون و چۆن و بەچ لۆژیکێك دەکرێ ئەمڕۆ، کە لە عەرشی دەسەڵاتدان تەونی بە کۆیلەکردنی خەڵك بچنن؟!

بەش بە حاڵی خۆم و هێندەی تێبگەم، ئەوەی دواییان تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی عتیفی و شەرمن و ناتەواوە، چونکە هەمیشە بێدەنگی خەڵك لە ئاست بێدادی بواری گونجاو و پاساوی شیاو دەداتە دەسەڵاتداران وەك مێگەل لێیان بخورن و ملکەچ وکۆیلەی هەواو و نەفسی خۆیان بکەن، ڕەنگە سروشت و شێواز و شەقڵی ئەو سیاسەتی مل پێ کەچکردن و بەکۆیلەکردنەش لە شوێنکات و لە سای هەلومەرجی جیاوازدا گۆڕانی تێ بکەوێت، بەڵام بەردەوام لە پشتیەوە یەك ئامانج هەیە، کە ئەویش ڕووشاندنی بەهای مرۆیی کەسەکان، جا ئەو دەسەڵات و فەرمانڕەوایە بەهەر ناو و بەرگ و شێوازێکەوە کاری بۆ بکات.

ئێمە لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا ئەزمونێکی بەرچاو و بەڵگەدارمان لەگەڵ ئەو سیاسەتەی چاوشۆڕکردن و ملکەچ پێکردنەی خەڵك هەیە، کە دەکرێ ئامانجەکانی لەودیو ماسکی گوتار و دروشم و هوتافەکانی دەسەڵات بخوێنینەوە، کە هەموو ئەو دروشمانە بە دیوێکدا جۆرێکن لە ستراتیژ و خواستی مل پێ کەچکردنی خەڵك، بەوەی دەبێ بەردەوام سوپاسگوزاربن. لەکاتێکدا "خەڵك پەی بەو نابەن، کە ئەوەی بە سەدەقە وەریدەگرن، لە ڕاسیتدا بەشێکی زۆر زۆر کەمە لەو دارایی و سامانەی خەڵك خۆیان، کە فەرمانڕەواکان بە تاڵانی دەبەن".

ئەوەی ناچاری کردم ئەم چەند دێرە بنووسم، ئەو ڕۆتینی هێنان و بردنی موچەخۆرو بەرچاوتەنگی و حوکمی قەرەقۆشی هەندێ بەرپرس و بەتاڵبوونەوەی بەڵێن و بڕیارەکانی دەسەڵاتە دوای وشکبوونەوەی مەرەکەبی واژۆکانیان.

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە و تا ئەم چرکەیەش، بەبۆنە و بەبێ بۆنە دەسەڵاتداران شاباشی ئەوەمان بەسەردا لێدەدەن کە ((مامۆستایان سەری بەرزیان بۆ مووچە نەوی نەکرد)) مان، کەچی ئێستا خەریکە بە جۆرێکی تر و بەریتمێکی جیا لەو بانگەشانە، دەیانەوێ ((مامۆستایان ملکەچ و چاوشۆڕ بکەن و ناچاری نزا و پاڕانەوە و دەست پانکردنەوەیان بکەن لەم و لەو...دەمێکی

درێژ بوو كه مووچەی مامۆستا بەشی ژەمێك خواردنی ئاسایی ئەندامانی خێزانەكەی وكڕینی قوتویەك دۆشاوی تەماتە و شیری كیكۆزو كیلۆیەك شەكر و رۆنی بەیەكەوە نەدەكرد،چش لەوەی بەساڵ و دووساڵ دەستێك جلی رێكی بۆ نەدەكرا، كەچی مامۆستا وەك ئەركی نیشتمانی و نەتەوەیی بەلایەوە شورەیی و نەنگی بوو دەرگای قوتابخانەكان دابخرێن و پرۆسەی خوێندن ئیفلیج بێت، كەچی ئێستا بڕیارێك لە لوتكەی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی مامۆستا دەردەچێت، ئاساییە بەڕێوەبەرێكی گشتی و فەرمانبەرێك بە میزاجی خۆی مامەڵە لەگەڵ بڕیارەكەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردەی بكات و گاڵتەی بە كەسایەتی و چارەنووسی مامۆستا بێت.

هەر بۆ نموونە سەبارەت بە ئەژماركردنی راژەی ساڵانی پێشووی مامۆستایان، كە تازە گەڕاونەتەوە سەركار، لە لێژنەی راژەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران نوسراوێك بە ژمارە (3976) لە 2006/2/5 ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە كراوە، كە ئەو ماوەیەی مامۆستایان تێیدا وانەیان وتۆتەوە ئەژمار بكرێت، بەلای خۆیشیەوە و بەواژۆی وەزیری پەروردە، بە نوسراوی ژمارە(5568) لە2006/4/11 وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی دارایی و بەڕێوبەرایەتی پەروەردە و پەیمانگاكان و بەشی میلاكاتی ئەو بەڕێوە بەرایەتیانەی لە سەرجەم قەزاكانی سنوری (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، كەركوك) ئاگادار كرۆدتەوە، كە ئەو راژەیە ئەژمار بكرێت، كەچی مامۆستایان ئێستا سفر هیچ بەدەست نازانن چاوەڕێی لوتف و مەرحەمەت و سەدەقەی دەستی كام كەس و دەزگابن؟! سەر بە هەر كوێیەكدا دەكەن رەوانی لای تریان دەكەن، هەنوكە و بەداخەوە لەنێوان بەرداشی ئەو بڕیارە و میزاجی شەخسی بەڕێوەبەرێكی گشتی، یان لەوانەیە هی فەرمانبەرێك مامۆستایان وەك گیسكەكەی هەیاس)) یان لێهاتووە!

جا ئەگەر ئەمە گەمەیەكی تر نەبێت لە گەمەكانی دەسەڵات، تاكو مامۆستا بە مەمنونی و شەرم و تەریقبوونەوە سوپاسگوزار بێ، ئەگەر دیوێكی تری سیاسەتی ملكەچی پێكردن وبە كۆیلەكردنی خەڵك نەبێت لە رێگای ئۆرگان وپیاوەكانی چ شتێكە؟ بۆ دەبێ كەسێك لە خوارەوەی ئەنجومەنی وەزیران كوێخابێت و بڕیارێكی ئەنجومەن و وەزارەت پشتگوێ بخات؟ بۆ هێشتا لەم وڵاتە نەزانین لە دەزگاكاندا كێ فەرمان بە دەستە و كێ فەرمانبەر؟ باشە دەكرێ تا سەر لەم وڵاتە هەریەكە و لە شوێنی خۆی ئاغا بێت و كەس نەبێ جێگا بۆ خەڵك راخا؟

وەكو تر نازانم سكرتاریەتی یەكێتی مامۆستایان لە كوێیە؟ بەڕاست دەترسم ئەوانیش وەك ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسان هەر خەریكی سەفەری ئەو و ئەو وڵات بن و خۆیان خۆیان ئیفادكەن، یا خوانەخواستە وەك ئەوان سەرقاڵی ئامادەكردنی پرۆژە یاسایەكن بۆ دەمبەستنی مامۆستایان بەناوی یاسای رێكخستنی كاری پیشەیی مامۆستا، تاكو لێژنەی یاسایی پەرلەمانی تەعینكراو هەمواری بكات و لە دانیشتنێكی ئاساییدا پەرلەمانتێرەكانی كوردستان (بەكۆو تێكڕای دەنگ!)پەسەندی بكەن؟!

**تێبینی /لە نووسینی ئەم وتارەدا سود لە كتێبی (خۆبەكۆیلە كردن، نامەیەك لە بارەی سیاسەتی ملكەچیەوە ) وەرگیراوە.**